بانکی ناوەندی سزا بەسەر هەشت بانك دەسەپێنێت

بانکی ناوەندی عێراق ئەمڕۆ یەکشەممە بڕیاریدا بە فرۆشتنی دۆلار لەڕێگەی پەنجەرەی کێن و فرۆشتنی دراوی بیانیەوە بە هەشت بانکی عێراقی قەدەغە بکات.

بەگوێرەی نوسراوێکی فەرمی بانکی ناوەندی، لەمەودوا هەشت بانکی عێراقی بەشداریکردنیان لە پەنجەرەی کێن و فرۆشتنی دراوی بیانی لە قەدەغەکراوە، بەجۆرێك رێگە پێدراو نین لەپەنجەرەی کێن و فرۆشتنی دراوی بیانی، دۆلار بەنرخی فەرمی وەربگرن.

ئەو هەشت بانکە بریتین لە بانکی وەبەرهێنانی عێراقی، بانکی ئیسلامی نێودەوڵەتی کوردستان، بانکی یەکێتی عێراق، بانکی هودا، بانکی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی ئاشور، بانکی ئیسلامی باشور بە وەبەرهێنان و دارایی، بانکی ئیسلامی عەرەبی، بانکی بازرگانی حەمورابی".